# هەڵوێست بە مووچـــــــــە !

# لە پەراوێزی ئیمزای 4 حزبی کوردیی دژبە خۆپیشاندانی خەڵکی کەلار

ڕۆژی 2005/9/7 واتە هەمان ڕۆژ کە خەڵکی ناڕازیو ئازادیخوازی شاری کەلار رژانە سەر شەقامەکانو هاورایان کرد "نا" بۆ گەندەڵی ئیداریو ئاوو کارەباو قیرتاومان دەوێ، چوار حزبی کوردستانی کە حزبەکانی " زەحمەتکێشان، سۆشیالست، یەکگرتوویی ئیسلامیو شیوعی کوردستان"بون لەگەل مەلبەندی 11ی گەرمیانی یەکێتیدا بەیاننامەیەکیان ئیمزا کرد کە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێی رۆژی 9/8دا بلاوبۆتەوە، تیایدا بە ئاشکرا دژ بە خۆپیشاندانی خەڵکی ئازادیخوازی شاری کەلار دەوەستنەوەو ڕادەگەیەنن کە.." ئێمە ئەم حیزبانەی لە خوارەوە ناومان هاتووە،ئەمجۆرە کارانە ئیدانە دەکەین و پێمان وایە ئەم جۆر وشێوازە نامەدەنییانە لە بەرامبەر داخوازی و مافەرەواکانمان، رەوتی راستەقینەی خۆپیشاندانەکەی بەئاراستەیەکی خراب برد و هەوڵەکەمانی ناشرین کرد. بۆیەئیدانەی هەردوو حاڵەتەکە دەکەین: تەقە کردن لەخۆپیشاندەران و چوونە سەر فەرمانگەکان.." ئەم حیزبانە وا بە خێرایی بۆ کۆبونەوەو بۆ ئیمزایان کرد؟ مەسەلە چیە کە پێویست دەکات ئەم حزبانە کۆببنەوە لەسەری؟ ئەی بۆ چی لە تەقەکانی ئاسایشی سلێمانی لە بەرانبەر شۆفێرەکاندا کۆنەبونەوەو ئیدانەی ئاسایش بکەن؟ ئەی بۆچی کە تەقەیان لەخویندکاران کرد کۆنەبونەوەو ئیدانەی ئاسایش بکەن؟ ئەی بۆچی ڕۆژانە دەیان سەرکوتو زیندانیکردنو تالانو بڕۆ دەکرێت ئەم حیزبانە فزەیان لێوە نایەت؟ ئەی بۆچی کوردستان بە ئاشکرا لیکێنرا بە عێراقەوە و بەئاشکرا یەکێتیو پارتی مەسەلەی جیابونەوەی کوردستانو ریفراندۆمیان فتکرد، بۆچی ئەم حزبانە فزەیان لێوە نایەت؟ ئەی بۆ یەکجاریش ئەم حزبانە نەهاتنو ڕاوەستاوانە خواستی بەڕەسمی ناسینو بەیاسایی کردنی ئازادییە سیاسیەکانو لەوانە ئازای خۆپیشاندانو ڕادەربڕینو مانگرتنو... بەرزبکەنەوەو بیکەنە دروشمی خۆیان؟ ... چونکە ئەوکارانە کە بەقازانجی خەڵکەو ئیشی ئەوان نیەو ئەوان وەزیفەی تریان هەیە کە یەکێتی یان پارتی پێیان دەسپێریت. بەڵام ئەمجارە چونکە یەکیتی پێویستی بەوەهەبوو کە ئیمزای ئەم حزبانە بدات لە بەیاننامەیەك کە خۆی نوسیویەتیو پێویستی پێی هەیە، بەیاننامەیەك کە سەرتاپا چەواشەکارانەو سەرلێتێکدەرانەیە. ئەم حزبانە بۆیان نیە پرسیار بکەنو لەهۆی روداوەکان ناکۆڵنەوە، ئەگینا ناپرسن خەڵکی کەلار بۆ پەلاماری دامودەزگاکانی دا؟ گێرەشێوێنەکان بەرپرسانی یەکێتیو ئاسایشەکەی بون، یان خەڵکی کەلارو خۆپیشاندەران؟ خۆپیشاندەران دووسەعاتو چلو پێنج دەقیقە لە ژێر ئەو هەتاوە گەرمەدا چاوەڕیی جەنابی قائیمقامیان دەکرد، کە پێی شەرم بوو بێتە دەرەوە ئەمەش تاهات رقی خەڵکەکەی ئەستور تر دەکرد بەتایبەت کە رقی خەڵکی کەلار پەنگی خواردبووەوە لەبەرانبەر گەندەڵیو نەبونی خزمەتگوزارییەکان و نەبونی ئاوو کارەباو شەقامی قیرتاوکراو و چاوەڕوانی 14 ساڵ بۆ دابینکردنی سەرەتاتیرین داواکارییەکانیان... دوایش کە قائمقام هاتە دەرەوە، بەدور لە خەڵكو لەسەربانی کۆشکەکەیەوە بە بێ بڵند گۆ قسەی دەکرد کە کەس گوێی لێنەبوو ئەویش چووەوە ژوەرەوە بەبێ هیچ حساب کردنێك بۆ خواستو ویستی خۆپیشاندەران، ئینجا خەڵك بەردیان گرتە ئۆتۆمۆبیلی قایمقام وجامەکەیان شکاندو وەلامی ئەمە بە تەقە لە خۆپیشاندەران درایەوەو چەندین کەس لەونێوەدا بریندار بوونو کەوتنو دەستی یەکێتی نیشتمانی جارێکی تریش بە خوێنی خەڵکی ئازادیخوازی کەلاریش سوربوو. یەکێتی باجی ئەو خوێنەی بەم حیزبانەداو بەوەی کە پاساویان هێنایەوە بۆ تەقەکردن، بەوەی کە ئیدانەی خۆپیشاندانی خەڵکیان کرد، یەکێتی پێویستی بە ئیمزای ئەم حزبانە هەبوو بۆ ئەوەی بلێت خەڵك پەلاماری فەرمانگەکانی داوە ئاژاوەگێرییان کردوە بۆیە تەقەیان لیکراوە، بەلام خەڵك نەك وەلامی داواکارییەکانی وەرنەگرتوە بەڵکو تەقەی لێکراو لەزەویدا ئاهو ناڵەی بوو، ئینجا پەلاماری فەرمانگەکانی دا، خەڵك خوێن گرتیو بێ ئومێد بوو لە قائمقام کە وەلامیان بداتەوە ئنجا پەلاماری دا بەلام یەکێتی نیشتمانی خواستو داواکاری بەرحەقی خەلك بەرچاوی گرتو تەقەی لێکردن وەك عادەتی هەمیشەیی، خۆ ئەمە یەکەم جاری نیە. تەنانەت ئەگەر پروپاگەندەکانی یەکێتی دروست بن بەوەی کە ئاژاوەگێری تێدابوە!! بۆچی ئاژاوە گیران دەستگیر ناکاتو تەقە لەخەڵکەکە دەکات. هیچ پاساوێك بۆ تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانی کەلار نیە، هەموو پاساوەکان بۆ ئەوەیە کە یەکێتی ڕیگایەك بدۆزێتەوە بۆ دەربازکردن لە تاوانیک کە کردویەتیو ئەم حزبانەشی کردە محامی خۆی بۆ رزگاردنی، کە ئەنجامەکەشی محامەیەکانی بونە شەریکە تاوانبار.

ئەم حزبانە بەم ئیمزایایەیان جاریکی تریش نیشانیان دایەوە کە ئەوان هەمیشە ئامادەن لە پێناوی ئەوەی موچەکانیان نەبرێتو دڵی یەکێتی رازی بکەن، خواستەکانی خەڵکی کوردستان ئیدانە بکەنو سەرکوتی بکەنو بەم کارەشیان بۆجاریکی تر نیشانیان دایەوە کە لەبەرەی خەڵکی کوردستانو خواستو ویستەکانی ئەواندا نینو لەبەرامبەریدا وەستاون. ئەم حزبانە ئارەزوی خۆیانە چۆن هەڵوێستی سیاسی دەربڕن لەسەر ڕوداوەکەو ئارەزی خۆیانە کە ئیدانەی خۆپیشاندانەکەش بکەن بەلام بۆیان نیە راستیەکان چەواشەبکەنو حەقیقەت لەکەداربکەن لە پێناو موچەدا.

ئێمە لە ڕێکخراوی کوردستانەوە، بەتوندی ئیدانەی هەلوێست فرۆشتنی ئەم حزبانە دەکەین و جەماوەری کوردستان و بەتایبەت خەڵکی ئازادیخوازی شاری کەلار بانگەواز دەکەین کە لە هەلوێستی ئەم حزبانە خۆش نەبن و  ڕیگایان پێنەدەن کە راستیەکان هەلبگرێنەوە لە پێناو بەرژەوەندی حزبی خۆیاندا.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/9/8